Komala Party of Iranian Kurdistan
Abroad Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی دەرەوەی وڵات

# به دژی بریاری سزای ئیعدام بو عەدنان حسن پوور راوەستین

دەزگای قەزایی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئیران سزای لە سێدارە دانی بۆ رۆژنامەوانی کورد عەدنان حەسەن پور پەسەند کرد. لە کاتێکدا هەموو دونیاو رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ، سزای دژی ئینسانی ئیعدامو پێشێلکردنی مافی مروڤ لە ئێران مەحکوم دەکەن، رژیم بە ئاشکرا درێژە بە بەرێوەبردنی سزای ئیعدامی چالاکانی سیاسیو مافی مروڤ دەدات، سەرکوتگەران وداگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی بە بێ هیچ شەرمو شکۆیەک درێژە بە بەرێوەبردنی سزای ئیعدامی سیاسی لە کوردستان دەدات . حوکمی سزای ئیعدامی عەدنان حەسەن پوور رۆژنامەوان و چالاکی سیاسی لە کوردستان حوکمێکی سیاسی و دژی ئینسانیە و دەبی راوەستێ.

بەرز بوونەوەی دەنگی ئیعتراز لە لایەن ئازادیخوازان وبزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر بەو هەڵسووکەوتە بێبەزەیانەی سەرکووتگەرانی رژیم، مەرجێکی هەرە گەورەیە بۆ یەکگرتوویی بزووتنەوەی کوردستان. ئیمەبریاری سزای دژی ئینسانی ئیعدام بە سەر عەدنان حەسەن پووردا بەتوندی مەحکوم دەکەین وبەو بۆنەوە داوا لە هەموو حیزب ورێکخراوە وچالاکانی سیاسی و رێکخراوە ماف پارێزەکانی جیهان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پاڕلەمانی ئوروپا دەکەین دەنگی نارەزایەتی خۆیان لەدژی سزای عەدنانی حەسەن پوور بەرز کەنەوە و بە توندی مەحکوومی بکەن و بەهەر چەشنی گونجاو بەرگری لە بەرێوە چونی ئەم برِیارە دژە مرۆڤانەیە بکەن.

**کومیتەی دەرەوەی ولاتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٧/١١/١٠**

www.komala.org
**E-mail:** komite.xarij@komala.org

**Mobile:**+ 46-736256320
**Teflon:**+ 46-224-86149